# سیاسەتی مۆدێرنێتە
# و
# مۆدێرنێتەی سیاسی

**رامین جهانبگلو**

**وەرگێڕانی لەفارسیەوە: نەبەز محەمەد**



ماکیاڤیلی



مارکس



فۆکۆ

هەر سیاسەتێك بگری بۆخۆی هەڵگرو ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕەکانی مرۆڤە، سیاسەتی مۆدێرن، یان باشتر بڵێم مۆدێرنێتەی سیاسی، وەڵامێکی سیاسی وکۆمەڵایەتیە بۆئەو پرسیارە سەرەکیەی مۆدێرنێتە کەدەپرسێت مرۆڤی مۆدێرن کێیە؟ ژیانی مۆدێرن چۆنە؟ لێرەدا پرسیارێ دێتە زەینمانەوە ئەوەیە کە: ژیانی سیاسی مۆدێرن چ جیاوازییەکی بنچینەیی لەگەڵ ژیانی سیاسی سەردەمی دێرینی ڕۆم ویۆنان هەیە؟ چ جیاوازییەك لەنێوان ئامانج وداب ونەریتی سەردەمە کۆنەکان وچاخی مۆدێرندا هەیە؟

مۆدێرنێتە ڕووداوێك یان پێشهاتێکی مێژوویی وسیاسی وفیکرییە، هەروەها مۆدێرنێتە ڕووداوێکی مرۆڤناسی وگەردوون ناسیشە. لەم ڕوانگەوە مۆدێرنێتە ڕێبازێکە وکەبەدرێژایی پێنج سەد ساڵ ئەزموون دەکاو هێشتاش بەردەوامە.



ئەرستۆ

کەواتە دەتوانین بڵێین پۆست مۆدێرنیزم ریزێك گوتاری فەلسەفیە بەجۆرێك لەڕووبەڕووبونەوەی قەیرانەکانی مۆدێرنێتە دایە. لەم ڕووەوە پۆست مۆدێرنیزم لەچوارچێوەی ڕەوشی مۆدێرنێتەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەم ڕێبازەی مۆدێرنێتە لەڕاستیدا بەلێکترازانێك دروستدەبێ کەسەرەنجام بەسەر سوننەتدا دەشکێتەوە، کەواتە مۆدێرنێتە سونەتێکە لێکپچڕاو ودابەشکراوە کەهەمیشە شانێکی لەگەڵ قەیراندا بووە، چونکە بەوتەی (بالاندییە) ڕەوتێکە نەهیچ شتی تیایدا دیاری کراوەو نەهیچ شتێ قەتعی وبڕاوەیە، مۆدێرنێتە بەشێوەیەکی پتەو خۆی لەقەرەی پرسیار دەدات ئەمەش ڕێك بابەتێکە لەمۆدێرنێتەدا سونەتێکی لێکترازاو دروستدەکات (واتە مۆدێرنێتە ئیشی هەڵوەشانەوەی ڕەهاگەرێتی وسوننەتە لەپێناوی دابەشکردنی حەقیقەت وبەخشینی ماف بەدەنگەکانی تر، نەك ڕەتکردنەوەی سوننەت، وەرگێڕ). لایەنێکی تری کەلێرەدا پێویستە لەسەری بوەستین ئەوەیە کەمۆدێرنێتە فرمانێکی(خۆ) بنیاتنەرە، واتە لەراستیدا وتارێکە ناوەڕۆکی خۆی بەناوی دروستکردنی خود دەخاتەروو، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین مۆدێرنێتە هەم گوتارێکی فەلسەفیەو هەم چامەیەکی زەیذییە کەزانست وهونەرو فەلسەفە مۆدێرنەکەی لەخۆ دەگرێ، لێرەوەیە مۆدێرنێتە هەمیشە پایەو بنچینەی وتاری تازە لەجەوهەری خۆیدا پەیدا دەکات، لێرەدا ئێمە لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی فۆکۆ سەبارەت بەوتاری (ڕۆشنگەری چیە؟) کەی کانت ڕووبەڕوو دەبینەوەو ئەم بابەتە کەلەدیدی فۆکۆدا، لێکۆڵینەوەی کانت لێکۆڵینەوەی ڕۆشنگەری دەربارەی ڕۆشنگەری، یان باشتر بڵێین لێکۆڵینەوەی مۆدێرنێتە دەربارەی مۆدێرنێتەیە، لێکۆڵینەوەی مۆدێرنێتە دەربارەی مۆدێرنێتە بەواتای گرنگی بیری مۆدێرن بەئێستایی بون (actualite) و هاوچەرخی بونی خۆتە، هاوچەرخی بونی مۆدێرنێتە بەفیکری مۆدێرن، بەواتای خۆبنیاتنانی مۆدێرنێتەیە، ئەم خۆبونیاتنانەی مۆدێرنێتەیە پشت بەعەقڵ ڕکێفی دەبەستێ لەبەرانبەر گەردون رکێفی سەردەمانی کۆن وبارودۆخی ئیلاهی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست. مۆدێرنێتە لەرێگەی ئەم ڕێبازی عەقڵ ڕکێفیەوە بونیادی سیاسی خۆت پێشنیاردەکاو ئاستێکی تازە لەجیهانی بێکۆتاییدا بۆمرۆڤ دەبینێتەوە بێگومان مرۆڤ بەلەدەستدانی بارودۆخی گەردونناسی خۆی (کەنەخشەکەی لەفیزیك ومیتافیزیکی ئەرستۆییەوە داڕێژراوە) کەشێکی مرۆڤناسی تازە بەدەستدەهێنێ وئەمجارە سیاسەتی خۆی نەك لەپەیوەندی لەگەڵ سروشتدا (phusis) بەڵکولەپەیوەندی لەگەڵ تەوژمی عەقڵ گەرایی‌دا دەخاتەڕوو، بەم پێیە ئێمە لەجیهانی گەردون ڕکێفی‌و دواتر ئیلاهی سیاسییەوە دەگەین بەجیهانی عەقڵ

رکێفی، کەتیایدا مرۆڤ وەکو خودێکی خۆفەرما پێناسە دەکرێ. ئەم تێپەڕاندنە لەجیهانی کۆنەوە بۆجیهانی مۆدێرن تێپەڕاندنێکە لەجیهانێکی ریزبەند کراوەوە کەتیایدا مافی ئاسایی مرۆڤ لەسەر بنچینە سروشت پێناسە دەکرێ بۆجیهانێکی بێ کۆتایی وحسابکراو کەتیایدا لەپێناسەو واتای تازەوە مافەکانی مرۆڤ هەڵدەهێنجرێ لەجیهانی مۆدێرندا ئەم پێناسە تازانە لەمرۆڤ وادەکات بارودۆخێکی لەبار بۆتاک وتاکایەتی برەخسێ ئەم تاکایەتییە لەسێ ڕەهەندی فەلسەفی، ئابوری وسیاسی وکۆمەڵایەتیدا خۆی نیشان دەدا. لێرەدا ئێمە هەست بەم پچڕانە بوونناسی وسیاسیەی مۆدێرنێتە دەکەین، لەجیهانی سیاسی مۆدێرندا بنچینەی هەق وهێز بەپێچەوانەی فەلسەفەی ئەرستۆیی وفەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست نەگەردونەو نەفراوانە بەڵکو تاکایەتی(فردیت) بەعەلمانی کراوەو تاک خاوەنی خۆیەتی، ماکیاڤیلی پێیوایە بنچینەی هێزی رژێمە کۆمارییەکان سەرداری خەڵک یان خودی سەردارەکانن، بەم پێیە دەتوانین بگەینە دەرەنجامێك کەهێز لەمۆدێرنێتەی سیاسیدا نەبنچینەیەکی سروشتی هەیەو نەپایەیەکی ئیلاهی، بەڵکو هێزێکە دنیاییکراوە کەلەفۆرمی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێ. سیاسەتی مۆدێرن بەڕوانینێکی نوێ لەمرۆڤ تاکگەرایی مۆدێرن وکۆمەڵگا سیاسیە مۆدێرنەکەی ڕێکدەخات، ئەم ڕوانینە تازە لەمرۆڤ دەتوانێ لەتێڕامانی مرۆڤی ئەوروپیدا بۆهونەر وزانست وسیاسەت لەسەردەمی ڕێنیساسەوە بێتە سەکۆیەکی تێڕامان، مرۆڤی ڕێنیسانس ئیتر مرۆڤێکی گوناهکاری سەدەکانی ناوەڕاستی نیە، لەدیدی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا مرۆڤ هەمیشە بابەتی گوناە لەدروستبونی حەزرەتی ئادەمەوە تارۆژی قیامەت لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ. بەمانایەکی تر ڕوانینی سەدەکانی ناوەڕاست بۆمرۆڤ ڕوانینێکی ڕاستەهێڵی بوو کەلەسەرەتای دروستبونیەوە دەست پێدەکات تارۆژی قیامەت، لێکترازانی فەلسەفی، هونەری وزانستی ڕێنیسانس لەگەڵ سەدەکانی ناوەڕاستی ئاگوستینی وتۆماسی ئەندێشەی(گۆڕان)ی خستەجێی ئەندێشەی (ڕاستەهێڵ).
بەدەستپێکردنی ڕێنیسانس ئێمە لەگەڵ مرۆڤێك ڕوبەڕوین کەداهێنەرە نەك گوناهکار. هەروەها مرۆڤی مۆدێرن کەلەڕێنیسانس بەدواوە دەردەکەوێ مرۆڤێکە خاوەنی تایبەتمەندێتی‌یەکی مێژووییە کەدواتر لەتێزەکانی کانت وهیگڵ ومارکس دا دەگۆڕێ بۆفەلسەفەی مێژوو، هونەرمەندان وبیرمەندانی ڕێنیسانس ڕەهەندی کۆمەڵایەتی-سیاسی مێژووییەکەیان لەبەرانبەر ڕەهەندی ئیلاهی-پەرس ناسی(میعاد شناختی) سەدەکانی ناوەڕاست دادەنێن، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی-سیاسی ڕێنیسانس بونیان وبنچینەی بوونناسی خۆی لەهێزی لێکدانەوەو ڕاڤەدا دەبینێ کەڕێنیسانس دەیکاتە مۆڵکی مێژووی رابوردووی خۆی ئێستای خۆی، ڕێنسانس یەکەمینی سەردەمی مێژووییە کەخودئاگایی‌یەکی مێژووی هەیەو بەپاڵپشتی ئەم ئاگاییە سەرگەرمی راڤەی رابوردووی مرۆڤایەتی دەبێ، ڕێنیسانس لەرابوردوییەکی دورا کەبریتی‌یە لەدنیای یۆنان وڕۆم تەفسیرێکی تازە پێشکەشدەکات، چونکە خۆی وەکو داهێنەرێکی نوێ لەدنیای نوێدا بیردەکاتەوە. باشترین نمونەی ئەم هێزی داهێنەرێتییەو ویستە بۆنوێخوازی دەتوانین لەبەرهەمەکانی مایکڵ ئەنجیلۆ ولئۆناردۆدا هەڵسەنگێنین. وێنەی بەناوبانگی مایکڵ ئەنجیلۆ لەپەرستگای سیستین لەڕاستیدا تەفسیرێکی تازەو بەهێزە لەداهێنەرێتی مرۆڤ. بایەخی ئەم بەرهەمەی مایکڵ ئەنجیلۆ تەنها لەڕووی هونەری جوانی ناسیەوەنیە، بەڵکو خاوەنی گرنگیەکی بونناسیشە، مایکڵ ئەنجیلۆ هەروەکو زۆرێك لەبیرمەندان وهونەرمەندانی چاخی ڕێنسانس یەکێکە لەهەڵسوڕاوە داهێنەرەکانی جیهانی نوێ،



رۆسۆ

بەڵام بۆداهێنانێکی وەها جیهانی یارمەتی لەمیراتی پێشین وەردەگرێ، ڕەنگە هەر بەم هۆیەوە بتوانین بڵێین ڕێنیسانس تەنها یەك دەسپێکردن نیە، بەڵکە دەستپێکردنی دووبارەیە دیسان لەدایك بونەوەیە، واتە دەرکەوتنەوەو چاوخشاندنەوە بەڕابوردوی ئەوروپاو دامەزراندنی پەیوەندیەکی پتەوو چەسپیوی نێوان ئەو رابوردووەو ئێستایە، لەراستیدا بەرەبەیانی مۆدێرنێتە بەڕاڤەیەکی تازە لەپەیمانێکی دێرینی سونەتگەلێکی بەشەری دەستپێدەکات، بەدرێژایی تەواوی مێژووی مۆدێرنێتە بەتایبەت مۆدێرنێتەی سیاسی ئەم تواناو ئازایەتیەی تەفسیرو راڤە تازەیەی توانای شیکارکردنی هەیە، هەرئەوە کەئەمڕۆ وەکو(هێزێکی رەخنەگرانە) دەیناسین خەسڵەتێکی ڕاستەقینەی جەوهەری مۆدێرنێتەو فکرو هونەرە سەردەمیەکانی ئەوانە، بیرمەندانی پۆست مۆدێرنیش بۆ بەشەرهێنانی مۆدێرنێتەو وەڵام بۆقەیرانەکانیان لەم تایبەتمەندییە رەخنەییە کەڵك وەردەگرن، لەراستیدا دەتوانین بڵێین کەهزری رەخنەیی لەهێزی چاوخشاندنەوەو بەخشینی تەفسیرێکی تازە بەرابوردووی مرۆڤایەتیدا دەردەکەوێ. کەئەمەش پارادایمێکی ڕاستەقینەی مۆدێرنێتەیە، کاتێ کەبیر لەچاخەکانی رێنیسانس دەکەینەوە، دەبینین کەمرۆڤی رێنیسانسی بەپێچەوانەی مرۆڤی سەدەکانی ناوەڕاست خۆی بابەتی کردارەکانی خۆیەتی، ڕەنگە هەر بەم هۆیەوەشەوە بێ لەڕێنیسانس دوان وتەیەکمان نیە بەناوی (مێژووی ئیلاهی) وچەمکی (گوناه) لەم سەردەمەدا کردەیەکی پەرست ناسی نیە، بەڵکو کاتیگۆرێکی وسیاسیە، مێژوو بەسروشتی مرۆڤەوە خەریك دەبێ وچەمکێکی وەکو (مافی سروشتی)ش جێگەی مێژووی ئیلاهی دەگرێتەوە، ئەم هەڵسەنگاندنە تازە بۆمرۆڤ وجیهان هاوکاتە لەگەڵ چەمکگەلێکی تازە کەمۆدێرنێتەی سیاسی یان سیاسەتی مۆدێرنێتە دەیهێنێتەوە کایە، ئەمانە چەمکگەلێکن وەکو سروشت، مەرگ، هێزو دەسەڵات. کەسانێ کەلەگەڵ کتێبەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ئاشنایەتیان هەیە، دەزانن چەمکی (مەرگ) هەروەکو چەمکی (گوناه) یەکێکە لەچەمکەکانی کلیلی ئەو سەردەمە.

ئەم رستە بەناوبانگەی ئالکوین کەلەسەدەی هەشتەمی میلادیدا دەڵێ (مرۆڤ شتێك نیە بێجگە لەکۆیلەی مەرگ، وەکو مۆمێ لەبەر بادا) ئەمە نیشاندەرێکی گرنگە بۆدەرخستنی مەفهومی مەرگ لەدیدو بۆچوونی خەڵکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بۆچی مەرگ گرنگە؟ چونکە لەواتای مێژووی ئیلاهی مەسیحیەتدا کەلەحەزرەتی ئادەم تاڕۆژی قیامەت درێژەی هەیە، ژیانی ڕاستەقینە لەدوای مردن دەست پێدەکا سوننەتیەکان بەسەرنج لەمەرگ وگوناه بیر لەژیان دەکەنەوە، لەسەردەمی رێنیسانسدا جوانی ژیان جێگەی مەرگ وگوناه دەگرنەوە، لێرەدا کەچەمکی ژیان دەگۆڕێ بۆچەمکێکی پێشکەوتوو لەبارو دۆخێکی فەرهەنگی جوانی ناسیدا بەهای خۆی پێدەدرێ، بۆگۆڕانی مەفهومی ژیان دەگەڕێنەوە بۆگۆڕەپانی ئابوری وسیاسەت، کۆماری فلۆرانس وڤنیز سەربە ناوەندی ئەزمونی سیاسی مۆدێرنن وچەمکی (سروشت) لەچوارچێوەی ئیلاهیەوە دەگوێزنەوە بۆچوارچێوەی سیاسی وجوان ناسی، لەمۆدێرنێتەی سیاسیدا مەبەست لە(سروشت) ئیتر(فۆسیس)ی یۆنانی نیە، بەڵکو خەسڵەت وسروشتی بەشەرییە، مەبەستی مۆدێرنەکانیش لەسروشت، سروشتی ئەرستۆیی نیە یەکێ لەو بیرمەندانەی کەئەم باسە تازە(سروشتی بەشەری) دەهێنێتە ئارا فرانسیسکۆ ڤیتۆریایە، ڤیتۆریا(بەدوای ئاراسمۆس کەلەدژایەتی لەگەڵ سیپۆی ڤیدا لەسەر خودی سورپێستەکانی ئەمریکای باشور دێتە قسەو هەربەم بەڵگانە دژایەتی کوشتنی ئەوان دەکات لەلایەن ئیسپانیولیەکانەوە) بۆیەکەمین جار(مافی سروشتی) دەهێنێتە ئارا، لەدیدگای ئەودا مافە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ


تۆماس هۆبز

لەمافە سروشتی‌یەکانیدا پەنهانە، بەدەربڕینێکی تر، ئەگەر مرۆڤ خاوەنی مافە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکانە، ئەم مافە بەهۆی ئەوەیە کەبەشێوەیەکی سروشتی پێدراوە، لەوە گرنگتر ئەوەیە کەمرۆڤ بەهۆی سروشتی مرۆڤیەتی خۆیەوە خاوەنی ئەو مافەیە، لەبۆچوونی ڤیتۆریادا ئەم مافانە گشتی وجیهانین، کورت نابێتەوە تەنها بۆیەك گەل ونەتەوە، ڕاست نیە تەنها بۆئەوروپییەکان، سورپێستەکانیش لێی بەهرەمەندن، لێرەدا لەگەڵ بیری ئەرستۆیی پچڕانێك بەرچاو دەکەوێ کەپاشان لەسەدەی شازدەهەمی میلادیدا لەلایەن گروسیویس دەگاتە رادەی خۆی. گروسیویسیش بەنۆبەی خۆی لەکتێبێکدا دەربارەی شەڕوئاشتی گرنگیدەدات بەم دۆزی مافی سروشتی‌یە وەکو مافێکی گشتی ومرۆڤایەتی، بەڵام گروسیویس لەئەفسانەیەکدا بۆچەمکی (مافی سروشتی) بەرانبەر چەمکی (ئیرادە)یش قسەگەلێك دەهێنێتە ئاراوە، گروسیویس دەڵی ((ئەو تاکە ئاساییە کەلەهێزی ویستی خۆی بەهرەمەندە)). هێزو ویستێك کەگروسیوس لەبارەیەوە دەدوێ بنەمای سەرەکی پەیمانگەلێگی کۆمەڵایەتیە کەیەکێکی وەکو هۆبزو لاك وڕۆسۆ گرنگی پێدەدەن. لێرەدا بۆیەکەمین جار تاك لەسەنتەری پەیمانە کۆمەڵایەتیەکاندا دەبێتە جێی باس وسەرنج، لەروانگەی بیرمەندانی پەیمانی کۆمەڵایەتی وتەنانەت لای بیرمەندێکی

دەسەڵات واتە دەسەڵاتی سیاسی ولەدیدی بیرمەندێکی وەکو(bodin) کەنووسەری کتێبی(شەش نامە دەربارەی کۆماری)یە لەساڵی ١٥٧٦دا، دەسەڵاتی مۆدێرن خۆفەرماو خۆدروستکەرە، ئەو لەدژایەتی لەگەڵ ئاگۆستین قەدیس وتۆماس ئاکویناس قەدیس فەرمانی گشتی بەفەرمانێك نازانێ کەلەگەڵ جیهانی بەرز(تعالی) لەپەیوەندی دایە، بەبۆچوونی (بودین) دەسەڵاتی فەرمانی رەها، دەسەڵاتێکی بەردەوامیەو دابەش کاری قبوڵ ناکات، بەمانایەکی تر، سیاسەتی مۆدێرنی مل کەچی هیچ بنەمایەکی (جیهانی بەرز) نیەو ئێمە لەبارودۆخێکی خودا رکێفی‌یە بۆبارودۆخێکی عەقڵ رکێفی تێدەپەڕین، عەقڵێك کەلەچەقی جیهاندا قەرار دەگرێ وخۆبنیات نەرەو جیهانی سیاسەت دەستکردی ویستی ئەوە، لێرەدا ئێمە لەگەڵ سیاسەتێکی سکۆلار کراو رووبەڕووین، کەبەشێوەیەکی گشتی خۆی لەجیهانی بەرزو دنیایەکی ناسیاسی جیادەکاتەوە، یەکێ لەئەرکە گرنگەکانی ئەم سیاسەتە سکۆلار کراوە مەسەلەی دامەزراندنە(تأسیس) ، ئەوەی کەبۆ مۆدێرنەکان گرنگە سیاسەت جڵەوی بکات دامەزراندنی پەیمانەکان ودامەزراندنی دەسەڵاتە، کەواتە سیاسەت لەبنچینەدا کردەوەیەکە پێویستە دابهێنرێ.سیاسەت بابەتە، بەشێك نیە لەسروشت، بەشێوەیەکی سروشتی(فوسیس) یالەجیهانێکی



فۆکۆ

کانت

وەکو ماکیاڤیلی کەبەرلەوان لەبەرانبەر دیندا بەدۆزی خۆفەرمای سیاسەتەوە(خودمختاری سیاسی) خەریکە، لەنێوان هەردوو چەمکی(دەسەڵات) و(ویستی تاك) پەیوەندیەکی راستەوخۆ هەیە،لەبۆچوونی مۆدێرنەکاندا

نادیارەوە بۆئێمە دانابەزێ، سیاسەت دەبێ گۆڕان وداهێنان بکات، ئەمە رێك کارێکە کەمۆدێرنەکان ئەنجامی دەدەن، ئەوانە سیاسەتە مۆدێرنەکەیان بەگەڕانەوە بۆچەمکی عەقڵی مۆدێرن پێکدەهێنن، مۆدێرنەکان ئیتر لێکترازانی لایەنە

واقیعیەکانی کۆمەڵگا لەڕەهەندی ئامانجی کۆمەڵگا جیاناکەنەوە، مۆدێرنێتەی سیاسەت مۆدێرنەکەی لەیەکسانی نێوان ئەم دووانەدا دەبینێ، هیگڵ فەیلەسوفێکە کەدەڵێ: واقیعیەت عەقڵانیەو عەقڵانیەت واقعیە، لەڕاستیدا لەلای ئەو کاتێ رژێمێکی فکری دروستدەبێت کەعەقڵ وواقعیەت لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا دەبنەوە بەیەك، دەتوانین هیگڵ بەتەواوکەری فەلسەفی بۆچوونەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی هۆبزولاك ورۆسۆ بزانین، هەرچەندە جیاوازی گەلێکی بنچینەی لەنێوان ئەم سێ بیرمەندەدا هەیە، بەڵام هەرسێکیان لەشوێن پەیمانێکی کۆمەڵایەتین بۆکۆتاییهێنان بەتوندوتیژی لەکۆمەڵگادا بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی سیاسی. لەوێدا کەهۆبزو لاك هەنگاونان لەبارودۆخێکی سروشتییەوە بۆبارودۆخێکی شارستانی بەئەرێ(پۆزەتیڤ) هەڵدەسەنگێنن، رۆسۆ لەوێدا بەناوی بەرەو ڕابوردو(سیرقهقرایی) باسی دەکات. لەدیدی رۆسۆدا شارستانیەتی بەشەری لەبنچینەدا کارێکی نێگەتیڤەو بۆتە سەرچاوەی گەندەڵی بەشەریەت، کەواتە دیدی رۆسۆ زیاتر بەرەو ڕابوردوەو سەردەمانێك کەمرۆڤ لەسروشت بەختەوەر بووە، بەرگری رۆسۆ لەکۆمەڵگای ئەسیناو ئەسپارت زیاتر بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەلەوێدا بەناوی-(مۆدێرنە لەگەڵ رۆحی دێرین) گفتوگۆ دەکات، رۆسۆ بیرمەندێکی سەرتاپا مۆدێرنە، بەڵام ئەو ئاواتەکانی لەجیهانی کۆندا دەبینێتەوە، چونکە مرۆڤ ئاواتی بۆهاوڵاتیەکی ئەسینایی وەکو سوقراتە کەهیچ لێکدژییەك لەنێوان ژیانی تایبەتی وژیانی گشتی ئەودا بوونی نیە. لەدیدی رۆسۆدا هاوڵاتی وەکو مرۆڤەو مرۆڤ وەکو هاوڵاتیە، کەواتە رۆسۆ جێبەجێ کردنی مۆدێل ونمونەی هاوڵاتی ئەسینایییە لەسەردەمی مۆدێرندا، لەڕاستیدا ئەمەش پرۆژەی راستەقینەی رۆسۆیە لەکتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام رۆسۆ بیرمەندێکی مۆدێرنە، چونکە رەهەندە مێژووییەکە دەخاتە جێی رەهەندە سروشتیەکە، دەتوانین رەهەندی مێژوویی ئەندێشەی رۆسۆمان لەچەمکی(کمال پزیری)(١) مرۆڤ دەستکەوێ، رۆسۆ باوەڕی وایە مرۆڤ (کمال پزیر)ە(٢)، چونکە توانای ئەوەی هەیە بگات بەئازادییەکی ڕەهاو تەواو، ئەو ئازارییە ڕەهایەی کەرۆسۆ باسی دەکات لەڕاستیدا دەسەڵاتێکە کەلەپەیوەندی لەگەڵ (ویستی گشتی) دێتەپێش وهیچ شتێك وهیچ کەسێکیش نوێنەری ئەونیە لەدیدی رۆسۆدا ئەو ویستە گشتییە رەهایەو قابیلی دابەش نیەو بەهەمان بەڵگە بەهیچ ناوبژیوانێك و نوێنەرێکیش بەدەست نایەت دیموکراسیەك کەرۆسۆ قسەی لێدەکات دیموکراسیەکی ڕاستەوخۆ وبێناوبژیە، دیموکراسیەك کەزۆر لەبیرمەندانی سەدەی بیستەم وەکو تالمۆن بە(دیموکراسی تەواوخواز) باسیانکردووە، رەنگە لەبەرئەمە بێ کە لە فیکری رۆسۆدا فەرد نەك بەشێوەیەکی تایبەت بەشێوەیەکی گشتی دابیندەبێ، رۆسۆ یەکێکە لەگەورەترین بیرمەندەکانی مۆدێرنێتەی سیاسی وناکرێ ئینکاری کاریگەری ئەو لەسەر کانت وهیگڵ ومارکس بکرێ. هەموو نووسینەکانی کانت لەمەڕ ئەخلاق ودۆزی بابەتی خۆفەرما(خودمختار) لەژێر کاریگەری چەمکی _ویستی عەقڵانی) رۆسۆدایە، وەك دەزانین تەنها وێنەیەك کەکانت لەژورەکەیدا هەیبوو، وێنەی رۆسۆ بوو، سوژەی خۆفەرمانی کانتی لەسەر بنچینەی


ماکیاڤیلی

ياسايی دەوەستێ کەخود بەشێوەیەکی عەقڵانی دەردەخاو بەپەیمان دانی ئەوان لەمێژوویەکی گشتی جیهاندا لەشێوەی یەك باوەڕو یەك داوا دۆزی ئاشتیەکی پابەندو بەردەوام وپەیامێکی وەکو کۆمەڵگایەکی نێونەتەوەیی پێشنیار دەکات. بەپێی ئەم بۆچوونە، فەلسەفەی مێژووی کانت کەلە هەناوی پرۆژەی مۆدێرنێتەی سیاسییەوە سەرچاوەی گرتووە بەشێوەی (دیاریکردن خوازی)(تعین گرایی) دەرناکەوێ خوێندنەوەی کانت بۆڕۆسۆ ئێمە دەگەیەنێت بەڕوانینێکی ئیحتیمالی بۆمێژوو، لەکاتێکدا بەپێچەوانەوە خوێندنەوەی هیگڵی لەرۆسۆ کتێبی(پەیمانی کۆمەلایەتی) ئێمە بەوڕاستیە دەگەیەنێت کەویستی ئازادی رۆسۆیی لەواقعدا سوژەیەکە هەستداره کەئاگایی لەئازادییەکەی لەڕەوتێکی دیاردەناسی-لۆژیکی ومافداری-دا بەدەست دەهێنێت ولەخاڵێکی مێژووی سیاسی ودیاردەناسیدا مرۆڤ بەسەروەتی دەوڵەت ئەم ئازادییە بەدەست دەهێنێت. بەمانایەکی تر، بۆفەیلەسوفێکی مۆدێرنی وەکو هیگڵ مۆدێرنێتەی سیاسی لەیەکسانی هاوڵاتی سیاسی دەوڵەت وبورژوازی ئابوری کۆمەڵگای مەدەنی(بەواتای رژێمی پێویستی‌یەکان) دەردەکەوێ هیگڵ یەکەمین فەیلەسوفێکە لەسەر جودایی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی ودەوڵەت وەستاوە.

بەلام بەبۆچوونی ئەو ئەبێ ئەم جیاییە لەئاستی سەروەتی دەوڵەت تێپەڕێ، ئامانجی هیگڵ گەیشتنە بەسەروەتی سیاسی مۆدێرنێتە کەتاك لەهەناویا بەپلەوپایەکی زیاتر لەبۆرجوازێك واتەکۆیلەیەکی ئابوری هەڵس وکەوت دەکات، لەنەزەری هیگڵدا دەوڵەت ویستێکی عەقڵانی تاکە بەناوی هاوڵاتی سیاسی.

مارکس بەرەخنە لەدەوڵەتی هیگڵی ڕێگایەکی بۆدامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سیاسی ئامانجداری تازە دەکاتەوە. لەماوەی ١١٥٠ ساڵی ڕابردودا کێشەی نێوان ڕوانینی هیگڵی لەسیاسەتی مۆدێرن وڕوانینی مارکس بۆئەو بابەتە ئەسڵی مۆدێرنێتەی سیاسی بووە کێشەیەکی تر کەهەناوی مۆدێرنێتەی سیاسی دەرکەوتووە، کێشەی ئازادییە، رۆسۆ باوەڕی بەدیموکراسی بێ ناوبژیو بەشداری راستەوخۆی هاوڵاتیانە لەکاروباری کۆمەڵی سیاسیدا، وەك خۆی گوتبووی ئەو ڕوانینێکی نوستالیژیکی ورۆمانتیکی بۆدەوڵەتی شاری ئەسینایی هەیە، کونستان بەپێچەوانەوە دژی مۆدیلی ڕۆسۆیی‌یە لەسیاسەتدا، ئەو باوەڕی وایە کەدۆزی گرنگی مۆدێرنەکان پێشکەوتنە لەبازنەیەکی تایبەتیداو فەزا سیاسیەکانی مۆدێرن ڕێنادا بەبەشداری راستەوخۆی هاوڵاتیەکانی لەکاروباری سیاسیدا. کەواتە ئازادی ودیموکراسی بەبێ چاودێری مەحاڵەو ئازادی رۆسۆیی یەکسانە بەنەبونی ئازادی.

لەراستیدا ئەگەر بمانەوێ ئەم کێشەیەی رۆسۆو کونستان بەچەمکە فەلسەفیەکانی ئایزیا بەرلین شی بکەینەوە، دەتوانین بڵێین کونستان لەڕەخنەکانی خۆیدا لەرۆسۆ نیگەرانی (ئازادی گەلێکی نێگەتیڤ)ی تاکی مۆدێرنەو رۆسۆ لەشوێن دابین کردنی ئازادیەکی پۆزەتیڤە، کێشەی رۆسۆ دەسەلاتداریتی ئازادییە لەچوارچێوەی ئیرادەی گشتیدا، لەکاتێکدا کێشە کونستان کێشەی بەرگرییە لەفەزای فەردیەتی مۆدێرنە، کونستان چەمکی مۆدێرن بۆپێشکەوتنی مرۆڤایەتی لەدژایەتی لەگەڵ چەمکی کونینی ئەوان بریار لێ ئەداد، پێی وایە کەسیاسەتی مۆدێرن پێویستە لەپەیوەندی لەگەڵ تاکایەتی مۆدێرن وتاکی مۆدێرن هەڵس وکەوت بکات، کونستان هەڵدەستێ بەبەرگری کردن لەدەسەلاتداریتی خەلك وئازادی گەلێکی مۆدێرنی کەلەلایەن شۆڕشی فەرەنسەوە بەدەستهاتووە، بەلام بەدەست هێنانی راستەقینەی ئەو ئازادییانە لەدەسەلاتداریتی‌یەکی چاودێریکراودا دەبینێ. بەهەمان شێوە کەسەرنج ئەدەین، کونستان وڕۆسۆش بەسەرەی خۆیان وەکو مارکس وهیگڵ دەربارەی پەیوەندی نێوان ئازادی ودەسەلات لێکۆڵینەوەکانیان دەهێننە ئاستێکی هزری فراوانەوە.

رەنگە بتوانین بڵێین بەپێی ئەو مشتومڕانەی ئەمڕۆ لەناوەندی ئەندێشە سیاسیەکانی مۆدێرندا هەیە کەهەرکاتێ قسە لەمۆدێرنێتەی سیاسی دێتەپێش ئەم قسەیەی تامس جفرسن لەزەینی ئێمەی مۆدێرنەکاندا بسەپێ کەدەڵێ (هەر ولاتێ گەرەبیەوێ ئازادییەکانی خۆی بپارێزێ، پێویستە خاوەنی سەرکردە گەلێکبن کەهەمیشەوکات ئاگاداری ڕۆحیەتی بەرگری خەڵکبن). ئەم رۆحیەتی بەرگرییە دەسکەوتی مۆدێرنێتەی سیاسیە کەسیاسەتی مۆدێرنێتەی لەسەر ئەو بنەمایانە خۆی رادەگرێ.

*(١)(کمال پزیر) واتە: قبول یاهەڵگری (تەواو کۆیی)*

*(٢)(کمال پزیر)ە واتە: (مرۆڤ هەڵگری خەسڵەتی پلەی تەواو کۆییە)*